کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-4-2007 13:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ هەموو (دوعا) کان.. ئیدریس شەیداهۆ

لاتان سەیر نەبێ کە ناوە ناوە لەکونجێکی نیشتمانەکەتان، جینایەتێك، ئەتك کردنێك، شەرمەزاربوونی مرۆڤایەتی لەئەزیەتدانی ئافرەتێك، شەڕی نێوان دوو هۆزو ڕژانی خوێنێکی بێ مەعنا لەسەر گرفتێکی سادەی ژنێك لێرە بقەومێ.. دیسان نیگەران مەبن بەدیداری ڕووداوێکی دڵتەزێنی وا کەتێیدا نەك هەر مرۆڤایەتی، ئەوەی تۆزقاڵێك یاساو ئەخلاقی هەبێ، تەنانەت چی یاسای جەنگەڵەکانیش هەیە لێرە بوونی نامێنێت، سەرەنجام کردەوە تاڵ و ئابڕووبەرەکانی ئەژدیهاکانی ئەم دەڤەرانە لەرشانەوەی نێو گرتەیەکی مۆبایلدا، تنۆك تنۆك ئارەقەی شەرمەزاری بەسەر نێوچەوانی بەشەرو بەناوگەڵی دیموکراسی و لەدیوەخانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەرژێتە خوارێ و ئیدی شتێك نامێنێتەوە مانای ژیان ببەخشێت.

نیگەران مەبن بەو کارەساتانە، با بەلاتاناوە ئاسایی بێت، چونکە هێشتا لەکۆمەڵگەی ئێمەدا پیاو، بەڵام پیاوی دڕندەو ئەژدیها ئاسا، حوکم دەکەن و کورت و درێژبوونەوەی لاستیکی یاسا هەر بەدەست ئەوانە و هێندە زەبەلاحن توانای گۆڕینی فۆنتی ئایەتە ئاسمانیەکانیشیان هەیە..

پێم سەیرە تائێستا خۆمان گێل کردووەو ڕۆژانە سایتی ئینتەرنێت و سەدو ئەوەندە ڕۆژنامەو گۆڤارو دەیان شاشەی تەلەفزیۆن و ڕادیۆمان بەبانگەشەی کۆمەڵی مەدەنی و دیموکراسی و ئازادی بیروڕاو نازانم چی پڕ دەکەینەوە، بەردەوامیش دەڵێین لەکوردستاندا یاسا بەرقەرارە، ئازادی هەیە، دیموکراسیەت پیاسە دەکا، ئائەمەیە هەڵخەڵەتاندنی میللەت، ئاخۆ خەڵکی نازانن هەر ئەسڵەن ئەوەی لێرە لەنەوت و بەنزین گرانترەو بەزەحمەتتر دەست دەکەوێ، ئەو سێ وشە بریقەدارەیە کە بێ زمانن و دەسەلات بەئاسانی پێیاندەوێرێ و لاقی پێوە لێدەدەن و کردوویانە بەبنێشتی (سام) .

ڕۆژێك لەژێر زەبری بڕیاری حزبیدا، ڕۆژێك لەژێر ئەوامیری بەرپرسێکی دەست ڕۆیشتوو، نیوەڕۆیەك لەسەردەستی پیاوماقولێك، شەوێك لەپیلانێکی ژێربەژێری چەند کەسێك، ڕۆژێك لەژێر سێبەری چەند ئایەتێکی هەڵبەستراوی ئاینێك، ئافرەتێك دەبێتە قوربانی، ئافرەتێك بەوەحشیترین شێوە لەژێر ئەشکەنجەدا گیان لەدەست دەدا.. !

دواین مەهزەلەی لوتکەی دڕندایەتی و وەحشیگەری کەلەسەر دەستی ئاینێکی لەبیرکراودا، لەسەر کێشەیەکی بچووك، ئافرەتێك لەنێو ئاپۆرەی جەماوەردا بەبلۆك و دارو چی کەرەستەی قورسی ئەو ناوە هەیە، مەرگباران دەکرێ، ئەو کارەساتە لەوە دەرچووە هیچ پێناسەیەکی بۆ بکرێ، چونکە کردەوەی وا لەمرۆڤە هەرە بێعەقڵ و سەرەتاییەکانیش نەبینراوەو نەبیستراوە، لەکاتێکدا ئەمڕۆ لەسەدەی بیستەو یەکدا ئەم کارە دەبینرێ، کەوابێ دیارە ئەو گرووپە بیست و یەك سەدە نەوە بەدوای یەکدا گوێیان لەئاستی ئەو هەموو ڕۆشنبیری و زانست و زانیاری و گۆڕانی کەلتوورو دابی کۆمەڵگا نییە، کەلەهەر چواردەوری جیهانەوە بەئاسانترین کەرەستەی بەردەست دەگاتە دەستی هەموو کەسێك، پێدەچێ ئەوانە هێشتا لەئەشکەوتان بژین و بەبەرد حەیوان بکوژن، نەك حەیوان، بگرە ئافرەتێکی بێتاوانی 17 ساڵەش..

ئایا ئەو دڕندانە ڕۆژانە خۆیان چەند گوناهی وایان کردووە، ئەوە بۆچی گەورەکانیان، یان دەسەڵات، یان پیاوە ئاینیەکانیان نایانخەنە حەوزی تیزابەوە، هەرچەندە مرۆڤێك بەم شێوەیە ئافرەت بەردباران بکات و سوکایەتی بەسەرجەم مرۆڤایەتی بکات، حەوزی تیزابیش هێشتا کەمە بۆیان.

ئایا هیچ دەسەڵات و یاسا لەو ناوچەیەدا ئامادەیی نەبوو، تا نەهێڵن ئەم دڕندایەتیە بەم شێوەیە، ئەم مەرگبارانە بەم بێئەخلاقیەوە بەسەر کچۆڵەیەکی نەشمیلی کورددا ببارێن، کەتەنها گوناهی ئەوەبوو لەهۆزێك لەدایکبووە، کەتێیدا هەڵبژاردنی ئاینەکەشی بەدەستی خۆی نەبووەو کەوتۆتە ناو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مەنجەنیقی ئاینی باوو باپیرانی، ئایا لەهیچ ئاینێکدا بەم شێوەیە بێ حورمەتی بەئافرەت کراوە.. ؟ ئایا هەموو ئاینێك هێندە دژی ئافرەتە، ئەگەر وایە هیچ قسەمان نییە، بەلام خۆ گەر وانییە ئەوە بۆ دەنگ هەلبڕینێکمان نەك هەر لەئاینەکەی خۆیان، لەوانی تریش نەبینی، چونکە ئەم وەحشیگەرییە، پەیوەندی بەئاینیەوە نییە، بەلکو ئەمە سووککردنی سەرجەم ئاین و مرۆڤە.

زۆرجار وتومانە، ئێستایش دەیلێینەوە، ئەگەر هیچ ئیجرائاتێك سەبارەت ئەم جۆرە ترسانە نەکرێت و هەروا بەئاسانی تێپەڕێ، ئەوا ڕۆژ بەڕۆژ دەرگای ئومێد لەسەر ئایندەی ژن و ئافرەتانی ئێمە بەرتەسك تر دەبێتەوە، چونکە ئەگەر ئافرەت لەڕۆژی لێقەوماندا هیچ یاساو پشت و پەنایەك نەبێ بەرگری لێبکات، چۆن دەتوانێ لەکونی ژوورەوە بێتەدەرێ، چ جای ئەوەی بێتە مەیدان و خەبات بۆ ئامانج و کێشەکانی خۆی بکات، ئایا ئەمە گەڕانەوە نییە بۆ سەردەمی بەربەریەت و بەهیچ نەزانینی ئافرەت.. ؟ لەوەش ناشیرینتر دەبێ ئافرەت چ ئومێدێکی بەکەلتوورو ئاین و دەسەلاتی نەتەوەکەی هەبێ کە بەم جۆرە دەڕواننە ئافرەتان، ئاخۆ ئافرەتی داماو کەدەیەوێ هەناسەیەك بدا لەژیان و کچۆلەکەی لەسەر چ بنەمایەك پەروەردە بکات، ئایا لەو سەردەمە زێڕینەدا کچەکانمان بەکەلتوری کۆیلە بوون و بەندکردنەوە پەروەردە بکەین.. ؟ ئایا دیسان وەك سەردەمی بەربەریەت بگەڕێینەوەو کچانمان بەردباران بکەین.. ؟

ئەرێ بۆچی تائێستا پیاوێکمان نەدی لەسەر داوێن پیسی بەردباران بکرێ، لەکاتێکدا ڕۆژانە بەچاوی خۆمان سەدان پیاوی داوێن پیس دەبینین، ڕەنگە زۆریشیان کاربەدەست بن.. ! ئەوەی ڕۆژانە و لەملاو لەولاوە بەنهێنی لەسەر ژیانی چەند کەسانێك دەیبیستین، هەندێك لەو کەسانە لەنێوشاشەو ڕووپەڕی ڕۆژنامەشدا وا بانگەشەی مافی ئافرەت دەکەن، (پیاو دەلێ دەبێ ئەوانە چ بەهەشتێکیان بۆژنەکانیان فەراهەم کردبێ)، کەچی کردەوەکانیان ڕەنگە زۆر لەبەردبارانکردنەکەی (دوعا) کەمتر نەبێ.. !

من ڕەشبین نیم و ترسیش ناخەمە نێو بیرو هۆشی ئافرەتانەوە، بەلام چیبکەم واقیعەکە خۆی ڕەشە، ئەوە نییە ڕۆژانە بەچاوی خۆمان دەیبینین، تاوانی بەناهەق کوشتنی (دوعا) یەکەم کارو دواکاریش نابێت، فەرموون سەیری ڕۆژنامەکانی ئێرە بکەن، ڕۆژ نییە، ئافرەت نەسووتێنن، نەخنکێنن، لە (8) ی مارسدا ئافرەتیان بەبوتلی غاز کوشت، ژنیان بەئوتومبیل ڕاکێشاوە، سالانە تەرمی چەندین ئافرەت بەئەتککراوی دەدۆزرێتەوە، ڕۆژ نییە هەوالی خۆکوشتنی چەند ژن و ئافرەتێك نەبیستین کەلەداخی زولمی پیاوو ناهەقی ڕۆژگار خۆیان دەکوژن.. ڕێژەی تەلاق سال بەسال بەرزتر دەبێتەوە، بێوەژن ڕۆژ بەڕۆژ ژیانی زیاتر دەچێ بەقوڕدا، ئایا هەموو ئەمانە مەنجەنیق نین، کەڕۆژگاری ئەمڕۆ لەژێر سێبەری دیموکراسی و بەناو ئازادیدا وەك گەردانە پێشکەشی ئافرەتانیان کردووە.. وەك ملوانکە کردیانەتە ملی ئافرەتان، بەلام ملوانکەی ئالتون نا، ملوانکەی پەتی سێدارە، پەتێك ئەستووتر لەوپەتەی (سەدام) ی دکتاتۆری پێ سەرەوژێر کرا.. !

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.